

سيد قطب
له مێژووی ئیخواندا
نووسینی: د. إحسان برهان الدين
Wifaq Press
کارێک
سيّد قطب له مێژووی ئیخواندا
د. إحسان برهان الدين

# سيد قطب لە مێژووی ئیخواندا

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

## پێشەکی:

ئەم نووسینە لە بنچینەدا وتارێکە، دەرەنجامی بەدواداچوون و خوێندنەوەیەکی زۆرە دەربارەی ژیان و فیکری نووسەر و بیرمەندی بەناوبانگ سید قطب بەڕەحمەت بێت، هەوڵمداوە بەبێ هیچ بڕیارێکی پێشوەختە وبەدەر لەوەی کێ پێی خۆشە و پێی ناخۆشە، ئەوەی پێی گەیشتووم ئەوە جێگیر بکەم.

پێشتر ئەم نووسینە وەکو بەشێك لە زنجیرەی وانەکانی مێژوو لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوم کردووەتەوە، دواتریش لە نێو کتێبێکدا بەهەمان ناونیشان (وانەکانی مێژوو) خۆی بینیوەتەوە و چاپ کراوە، بەڵام لێرەدا بەباشم زانی وەکو نامیلکەیەکی سەربەخۆ بڵاو بکرێتەوە.

سید قطب یەکێکە لەو کەسایەتییانەی زۆرترین مشتومڕ لەسەر فیکر و بیروبۆچوونەکانی درووست بووە ومنیش لیرەدا تەنها هەوڵمداوە وەکو خوێنەرێك خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ ژیان و بەرهەم و فیکری ئەو ناودارە ئەنجام دابێت دەربکەوم، جا ئەگەر ڕاستیم پێکابێت ئەوە فەزڵی الله یە بەسەرمەوە وسوپاسی دەکەم ، ئەگەر هەر نەپێکان و هەڵەیەکی زانستیشی تێدا بێت ئەوا هەڵەی خۆمە و ئەگەر بەبەڵگەوە بۆم بسەلمێت لێی پاشگەز دەبمەوە ... والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.

## سەرەتا

📝 لەبەر ئەوەی لە مێژووی ئیخوان و بزوتنەوەی ئیسلامی هاوچەرخدا، (سید قطب) بەڕەحمەت بێت زۆرترین کێشە و مشتومڕی لەسەر درووست بووە، و کتێبەکانیشی بە تایبەت کتێبی (معالم في الطريق) و تەفسیری (في ظلال القران) کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆریان لەسەر واقیعی ئیسلامی و سیاسی لە میسر و لە جیهانی ئیسلامیدا بە جێهێشتووە، بۆیە تا ڕاددەیەک بە شیکراوەیی و بەتایبەت لەم زنجیرە مێژووییەدا قسەی لەسەر دەکەین و هەوڵ ئەدەین - بۆ ئاسان کردن لەسەر خوێنەر - باسەکە لە کۆمەڵە خاڵێکدا کۆ بکەینەوە.

## سید قطب کێیە ؟

📝 سید قطب إبراهیم حسین شاذلي، لە 9ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1906 وەکو لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بەڵگەداردا هاتووە کە دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدي نووسیوێتی، لە گوندی (موشا)ی سەر بە پارێزگای

أسیوط لە دایکبووە. سەردەمی منالْی و خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی بەسەر بردووە، و باوکی پیاوێکی خانەدان و دەمسپی ناو خەڵکی دەبێت.

## سەرەتای تەمەنی سید

لە ساڵی 1920 لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەچێتە قاهیرە و لە ماڵی خاڵێکی کە ڕۆژنامەنووس دەبێت دەمێنیتەوە، لەوێ ئاشنایی و دواتر پەیوەندی لەگەڵ حیسبی وەفد و کەسێکی ناوداری ئەو سەردەمەش پەیدا دەکات کە ئەویش (عباس محمود العقاد)ە. لە پاش بڕینی هەندێ قۆناغی خوێندن لە ساڵی 1929 دەچێتە کۆلێژی (دار العلوم) و لە ساڵی 1933 دەردەچێت و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئاداب بە دەست دەهێنێت و وەکو مامۆستا دادەمەزرێت.

## کتێبە سەرەتاکانی سید

لە ساڵی 1944 یەکەم کتێبی ئیسلامی دەنووسێت بەناونیشانی: (التصویر الفني في القران). لە ساڵی 1946 لە العقادی مامۆستای دوور دەکەوێتەوە. پاشان لە کانونی یەکەمی ساڵی 1948 لە نێو نیردەیەکدا دەچێت بۆ ئەمریقا و لە پاش نزیکەی دوو ساڵ دەگەڕێتەوە میسر و لە تشرینی

دوومی ساڵی 1952 لە وەزارەتی مەعاریف دەست لە کارەکەی دەکێشێتەوە و داواکارییەکەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ لای جمال عبدالناصر بەرز دەکرێتەوە و ئەویش بە شێوەیەک ڕازی دەبێت کە مووچەی خانەنشینی پێ نەدرێت.

## پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەی ئیخوانەوە

📝 لە ساڵی 1953 بە فەرمی پەیوەندی بە جەماعەتی (الإخوان المسلمون) دەکات و دوای ماوەیەکی زۆر کورت، بەهۆی ئەو شانۆگەرییەی عبدالناصر بۆ ئیخوانەکانی درووست کرد گوایە لە ئیسکەندەرییە ویستوویانە بیکوژن، سید قطبیش بە تۆمەتی ئەندام بوون لە دەزگای (التنظیم الخاص) ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان لەگەڵ هەزارانی تردا دەستگیر کرا و بە پانزە ساڵ زیندان حوکم درا. زۆربەی ماوەی حوکمەشی لە نەخۆشخانەی زیندانی (لیمان طرة) بەسەر برد، چونکە چەند نەخۆشییەکی هەبوو لە سی و سنگ و گەدە و ڕیخۆڵەکانیدا.

## دیدی سید قطب بۆ سەرانی میسر

سید قطب وا دەردەکەوێت دڵنیابووە لەوەی سەرانی ئەو ڕژێمەی لە میسردا حوکم دەکەن و بەتایبەتی جمال عبدالناصر فریان بە سەر ئیسلامەوە نییە، ئینجا لەبەر ئەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری مارکسییە و بە ئیسلام ڕازی نییە، کەواتە ڕژێمیکەی جاهیلییە. بەڵکو بەشێکیسی زۆریش لەو خەڵکەی کە بە زمان شایەتمان دەهێنن و لەولاشەوە چەپڵە بۆ تاغوتێکی وەکو عبدالناصر لێدەدەن و پشتگیری دەکەن، ئیمانەکەیان هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر کردار و گوفتاریانەوە نییە، کەواتە ئەوانیش کۆمەڵگایەکی جاهیلین و لە ئیسلام تێنەگەیشتوون. بەڵام وا دەرناکەوێت سەید ئەم واتایەی وەکو حوکمێک بەسەر خەڵکیدا دابەزاندبێت، ئەوەندەی کە وەکو هاندەرێک تەماشا کردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای عەقیدە و تەوحید پەروەردە بکرێت و ئامادە بکرێن بۆ ئەوکاتەی ئەگەر دەسەڵاتی میسر بوو بە دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام حوکم بکات.

## دیدوبۆچوونی سید پێش وابەستەبوونی بە ئیسلام

سید پێش ئەوەی زیندان بکرێت لە کتێبەکانیدا بانگەشەی بۆ کۆمەڵگایەکی موسوڵمانی پێشکەوتوو دەکرد، بەڵام لە زینداندا و لە پاش ئەو مەینەتی و ئەشکەنجە دڕندانەی کە بەناحەق تووشی خۆی و هەزاران لە

ئەندامانی ئیخوان هات کە بە نامرۆڤانەترین شێوە سووکایەتیان پێ دەکرا و دەکوژران (و جاری وابوو زیاد لە بیست کەسیان لە ناو زینداندا بەدەستڕێژی گوللە لێ دەکوژران)، بۆیە سید قەناعەتی تەواوی بۆ درووست بوو ئەو ڕژێمە پێویستە بەچەک ڕووبەڕووی ببنەوە، هیچ نەبێت بۆ بەرگری کردن لە خۆیان کورتکراوە بە بنەمای (رد الاعتداء) دەربڕینی لێکرد. لێرەشەوە ئاراستەیەکی نوێ لە بیرکردنەوەیدا جیاواز لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئیخوان لەناو زیندانەکانەوە و دواتر لە دەرەوەی زیندانەکان سەری هەڵدا و وەکو تەوژم و ڕەوتێکی نەیار و جیاواز لە ناو ئیخواندا پەیدا بوو.

## روئیای سید بۆ کاری ئیسلامی

💭 سید قطب دەڵێت: کاتێک لە زیندان بووم لە نێوان ساڵەکانی 1954-1962، لە پاش وردبوونەوە و بەخۆداچوونەوەیەکی زۆر و بەراوردکردنی بزوتنەوەی ئیخوان لەگەڵ سەرەتەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، لە زەینمدا ئەوە ڕوون بوویەوە کە بزووتنەوەی ئیسلامی ئێستا ڕووبەڕووی حاڵەتێکی هاوشێوەی سەرەتەکانی ئیسلام بووەتەوە بەتایبەت لە ڕووی جەهل بە عەقیدەی ئیسلامی و دوورکەتنەوە لە ئاکار و ڕەوشتە جوانەکانی. ئینجا لە دیدی سەییدەوە هەڵەکە لەوەدایە لە کاتێکدا بزوتنەوەی ئیسلامی سەرقاڵی

داواکارییە لە حکومەتەکان کە شەریعەتی ئیسلام جێبەجی بکەن، لە هەمان کاتدا خودی ئەو خەڵکە لە بیروباوەڕی ئیسلامی دوورکەوتنەوە و هیچ غیرەتێکیان لەسەر دینەکەیان نەماوە، بۆیە دەبێت جارێکی تر واتا و ئاماژەکانی عەقیدەی ڕاست و درووستی ئیسلام لە دڵی موسوڵمانانادا زیندوو بکرێتەوە و کار لەسەر ئەوانە بکرێت کە ڕازین لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە بکرێن.

## تۆکمەکردنی عەقیدە پێش هەموو شتێکی تر

بۆیە سید قطب دەیوت هەڵەیە پێش ئەوەی بنچینەیەکی تۆکمەی دینداری لەسەر بنەمای عەقیدە لەناو کۆمەڵگادا درووست بکرێت، هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام بدرێت.

## بنەمای وەڵامدانەوەی دەستدرێژی

بەڵام خاڵێکی جیاکەرەوەی جەوهەریی کە بۆ سید درووست بوو ئەوە بوو دەیوت لەگەڵ پێویستی ئەو پەروەردەکردنەدا پێویستە پاراستن و پارێزگاریش بۆ کاری ئیسلامی دەستەبەر بکرێت لەدژی ئەو دەستدرێژی و ستەم و هەوڵی ڕاگرتنەی کە بزوتنەوەی ئیسلامی تووشی دەبێت، ئەمەی کە

دواتر بە بنەمای (رد الاعتداء) ناسرا و ئیخوان بەوە ڕازی نەبوون. چونکە ئیخوان بنەمایەکیسی نەگۆڕیان هەیە ئەویش ئەوەیە تۆ ئیش و کارکردنت بۆ ئیسلام لەسەرە، لەدوای ئەوە ئیتر هەرچیت بەسەردا بێت وەکو کوشتن و زیندان نابێت هیچ کاردانەوە و بەرگرییەکت لە خۆت هەبێت. مەبەستی سەیید ئەوە بوو دەستەوسان بەرانبەر نەیارەکانیان نەوەستن وەکو ئەوەی لە ساڵی 1948 و 1954 بەناحەق و بەزوڵم تووشی ئیخوان بوو و توانای هیچ بەرگرییەکیان لە خۆیان نەبوو. تەنانەت حسن الهضيبي کە بوو بەجێگرەوەی ڕابەری گشتی، بە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی وت هەکات ویستتان لێمان بدەن، پێویست بەوە ناکات چونکە ئێمە هەموومان بۆ زیندان ئامادەین و من کلیلی دەرگای ناوەندی گشتی ئیخوانتان ڕادەست دەکەم.

## کاری سەربازی لە دیدی سید قطب دا

بۆیە سید قطب بە ڕاشکاوی لە دانپێدانانەکانیدا هاتووە کە ئەو باوەڕی بەوە بووە کە پێویستە چەندین کۆمەڵی سەربازی مەشق پێکراو بۆ بەرگری کردن لە بانگەواز ئامادە بکرێن، بەڵام ئەوان دەستپێشخەر نەبن بۆ لێدانی نەیارەکانیان لە هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی میسر، بەڵکو تەنها ڕۆڵی بەرگری

ببینن. سید دەڵێت ئەم بیرۆکە تەواو لە زەینی من و محمد یوسف هواش دا ڕوون بوویەوە تا لە سالی 1962 ئیتر کارمان بۆ کرد بۆ ئەوەی ببێتە ڕەوتێکی بەهێز و پشتگیری لەناو زیندانەکانەوە بۆ درووست بکەین. لێرەشەوە دوای بڵاوبوونەوەی ڕەوتەکەی سید قطب لە ناو زیندانەکاندا، کە ئیخوان لە چەندین زیندانی جیا جیا دەست بەسەر کرابوون، جۆرێک لە لەیەکترازان و لەتبوون لەناو ئیخواندا درووست بوو. هەندێک پێیان وابوو ئەو بیر کردنەوەی سید قطب لە گرنگیدان بە عەقیدە و پێکهێنیانی کۆمەڵێکی چەکدار لە کاتی پیوێستدا بۆ بەرگریکردن لە بزوتنەوەکە ئەوە بیرکردنەوەیەکی ڕاستە، هەندێکیش دەیانوت پێویستە لە ئاراستە و فەرمانی سەرکردایەتی ئیخوان و مەکتەبی ئیرشاد لانەدەین چونکە ئەوان خاوەنی ئەزموونن و بەرژەوەندی بانگەوازەکە باشتر دەزانن.

## سید قطب وەکو سەرکردەیەك

بەهەر حاڵ درووستبوونی کۆمەڵێکی تازە لە سەر ئەم بنەمایە بوو بە حەقیقەت و واقعێک کە لایەنگری زۆری بۆ پەیدا بوو و لە دەرەوەی زیندانەکانیشەوە بڵاوبوویەوە، بەڵام پێویست بوو کەسێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی ناو ئیخوان خۆی بە خاوەنی بکات بۆ ئەوەی کارەکە سەربگرێت.

ئەوانەی لەسەر ئەم بیروباوەڕە بوون بۆ ئەم مەبەستە داوایان لە چەندین لە سەرانی ئیخوان کرد کە ببنە بەرپرس و دەمسپییان، بەڵام کەس ڕازی نەبوو ئەو کارە بکات و دواجار سید قطب بە فەرمی لەناو ئەندامانی ئیخوان لە زیندانەکاندا خۆی کرد بە خاوەنی ئەو بیرۆکەیە کە بە کورتی بریتی بوو لەوەی ئەندامان و دواتر خەڵک لەسەر عەقیدە و حاکمییەتی شەریعەت پەروەردە بکرێن و لە کاتی پێویستیشدا کۆمەڵێکی مەشق پیکراو ئامادە بکرێت بۆ بەرگری کردن لەو کۆمەڵەی کار بۆ دروستکردنی دەکرێت.

## نووسینی کتێبی (معالم في الطريق)

📖 لەم کاتەدا وەکو بەرجەستە کردنێک بۆ بیروڕای ئەو ڕەوتە و وەکو نەخشە ڕێگایەک، سید قطب کتێبی (معالم في الطريق)ی نووسی و ئەوەشی کە مابوو و تەواوی نەکردبوو لە تەفسیری (في ظلال القرآن) تەواوی کرد، چونکە لە نەخۆشخانەی زیندانی (ليمان طرة) کە بەهۆی خراپی باری تەندرووستییەوە زۆربەی کات لەوێ بوو، ڕێگە بە سید قطب دەدرا خەریکی خوێندنەوە و نووسین بێت. بێگومان بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کتێبەکانی سید و بە تایبەتی ئەو دوو کتێبەی کە لە بۆمبێکی ئەتۆمی زیاتر لە دونیای فیکر و بانگەواز لە گۆڕەپانی ئیسلامی و سیاسیدا کاریگەری دەبێت.

## ڕای مورشیدی ئیخوان لە کتێبی معالم

📝 بەڵکو لەناو سەرانی کۆمەڵەی ئیخوانیشدا لەو کاتەدا هەر دەرکیان بە هەستیاری و گرنگی کتێبی (معالم) نەکرد. فرید عبدالخالق ئەندامی دامەزرێنەری ئیخوان لەو ماوە کەمەی لە نێوان 1964-1966 ئەوو سید و هەندێک لە ئەندامانی ئیخوان ئازاد کران، لە بەرنامەی (شاهد علي العصر)دا دەڵێت: سید لەگەڵ محمد قطبی برای کتێبی (معالم في الطريق)ی بۆ ناردم بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونم سەبارەت بە چاپ کردنی بزانێت، دەڵێت منیش بە توندی ڕەتمکردەوە کە ئەوە کارێکی باش بیت و دواتریش لەماڵی سەید یەکترمان بینی و لەوێیش هەر هەمان بۆچوونم بۆ دووبارە کردەوە کە ئەو کتێبە چاپ نەکرێت باشە و بۆی هەیە کارەساتێک درووست بکات. تەنانەت دەڵێت سەید پێی وتم ئەتوانی ئەمشەو لەماڵمان بمینیتەوە بۆ ئەوەی قسەی زیاتر لەسەر ئەم پرسە بکەین؟ دەڵێت منیش وتم لەوە زیاترم نییە بۆ ئەوەی پێتی بڵێم.

## ئیخوان ڕایان لە کتێبی معالم گۆڕی

بەڵام سەیر ئەوەیە فرید عبدالخالق دەڵێت دواتر ئەم مەسەلەم بۆ حسن الهضيبي مورشیدی ئیخوان باس کرد و ئەو وتی: (وماذا عنه لو طُبع) واتە: چی تیایە ئەگەر چاپی بکات و بە ئاسایی زانی. بەڵام هەر حسن الهضيبي خۆی دواتر کە جەماعەتی شکري مصطفى بەناوی التكفير و الهجرة سەرهەڵدەدەن و هەست دەکات ئەو بیرۆکەی لە کتێبی معالم دا هاتووە جۆرێک لە پۆلێن کردنی لەناو کۆمەڵگادا لێ کەوتەوە و ڕووداوی مەترسیداری بە دوای خۆیدا هێنا، هەڵسا بە نووسینی کتێبی (دعاة لا قضاة) وەکو ڕەددانەوەیەک بۆ ئەو فیکرە. سید قطب بەڕوونی لە کتێبی مەعالیمدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە جەهلی خەڵکی بە عەقیدەی ئیسلامی گەیشتووەتە ئاستێک حاڵی کۆمەڵگای ئێستا زۆر لە حاڵی کۆمەڵگای سەردەمی جاهیلی پێش ئیسلام دەچێت، هەر بۆیە خاڵی یەکەم بۆ دەست پیکردن نبێت لە داوای جێبەجێکردنی شەریعەتەوە بێت چونکە خەڵکی لەبەر ئەو جەهلەی

که بەعەقیدە هەیانە ئامادەی ئەوە نین، بۆیە دەڵێت ئەو تێگەیشتنەی ئەو ئەوەندەی پەیوەندی بە مەنهەجی کۆمەڵەکەوە هەیە کە پێویستە بیگۆڕن و بایەخ بە ڕاستکردنەوەی عەقیدە بدەن، بەو ئەندازە پەیوەندی بە حوکمدانی خەڵکەوە نییە!

## دەرچوونی سید لە زیندان بە هەوڵی عبدالسلام عارف

لە ساڵی 1964 بە تکاکردنی عبدالسلام عارفی سەرۆکی ئەو کاتەی عێراق لەلای جمال عبدالناصر، سید قطب لە زیندان ئازاد کرا. لەو ساڵەی کە لە دەرەوەی زیندان بوو بینی نێزیک لەو بیروتێگەیشتنەی خۆی کە هەیەتی جەماعەتێک دەوری حەفتاکەس دەبن درووست بوونە و هەر خۆیشیان وەکو ڕێکخستنێکی نهێنی مەشقی سەربازییان کردووە، لەو ساڵەدا کتێبی (معالم في الطریق)ی چاپ کرد و بەرپرسیارێتی ئەو ڕێکخستنەشی گرتە ئەستۆ، بەڵام لە سالی 1965 لە ڕێی ئەندامێکی خۆیانەوە کە گیرا و ئیعتیرافی کرد هەموو شتێک ئاشکرا بوو، جارێکی تر سید و هەزاران لە ئەندامانی ئیخوان ڕاپێچی زیندانەکان کرانەوە.

## حوکمی لە سێدارەدان بۆ سید قطب

📝 ئەمجارەیان زۆر بە زوویی سید قطب دادگایی کرا و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو و لە دوای یەک هەفتە لە دادگاییکردنەکە، حوکمەکە جێبەجێکرا و سید قطب بەڕەحمەت بێت لە سێدارە درا. کامێراکانی ڕاگەیاندن لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممەدا 13 جمادی الأولی 1386ی کۆچی بەرانبەر 29ی ئابی 1966 وێنەی سەیید قوتبیان بە خەندە و بەڕووخۆشیەوە تۆمار کرد لەو کاتەی بەرەو سێدارە دەچوو، بەوەش ئەگەرچی کۆتایی بەتەمەنە فیزیکییە کورتەکەی هات، بەڵام بێ ئەوەی بزانن بوون بە هۆکاری تەمەنێکی واتایی زۆر درێژ بۆ سید قطب کە ڕاستەوخۆ لە دوای مردنی دەستی پێکرد و کتێب و فیکر و بیروبۆچوونەکانی وەکو ئاگر لە کادا بڵاوبوویەوە. کە الله أعلم ئەگەر ئەو لە سێدارەدانە نەبوایە ئەویش وەکو هر سەرکردەیەکی تری ئیخوان بە بێ دەنگی دەژیا و هەروایش دەمرد.

## هەوڵەکانی عبدالناصر بۆ پاشگەزکردنەوەی سید

📝 لەبەر هەر هۆکارێکیش بێت، جمال عبدالناصر مەبەستی بوو ئەگەر سید قطب کەمترین نەرمیی لە هەڵوێستەکانیدا بنوێنێت و داوای لێبوردن بکات حوکمەکەی بۆ دابگرێت و دواتر بە هۆکاری خراپی تەندروستی لێخۆشبوونی بۆ دەربکات، بەڵام سید قطب بەوە ڕازی نەبوو و وتی سەرکردە

نابێت کار بە ڕوخسەت بکات و من لەوەی بۆ پەروەردگارم ئەنجامم داوە داوای لێبوردن ناکەم و لێی پەشیمان نین. بەوەش دواتر هەندێک لە سەرانی عەلمانییەت لە جیهاندا عبدالناصریان خستە هەڵەوە لەوەی کە نەدەبوو سید قطب لە سێدارە بدات و بیکات بە پاڵەوانێک تا دنیا دنیا بێت ناوی بە گەورەیی بمێنێتەوە و وەکو ستەم لێکراوێک تەماشا بکرێت و خۆی و کتێبەکانی ببن بە ئیلهام و مەشخەڵێک بۆ هەزاران و ملیۆنان خەڵک لەدوای خۆی.

## کاریگەری معالم وظلال لەسەر عبدالناصر و ڕژێمەکەی

📝 تەفسیری (في ظلال القرآن) و هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت کتێبی (معالم في الطريق) دوو کتێبی سەیید بوون کە ڕژێمی عبدالناصریان زۆر تەواو بێزار وقەڵس کردبوو، تەنانەت لە دوای چەندین دەیە شوێنەواری ئەو وەڕس بوونە هەر مایەوە؛ لە بەرنامەیەکی أحمد منصور لە کەناڵی (الجزيرة)دا، لیوا فؤاد علام کە یەکێک بووە لەسەرانی دەسەڵاتی ئەمنی لەسەردەمی ناسریدا دەڵێت ئەوەی سید قطب ی بەرەو پەتی لە سێدارەدان برد کتێبی (معالم في الطريق) بوو. ئەمەش لە کاتێکدا ئەو کتێبە بەو شێوەش نییە کە دەوترێت تەکفیری کۆمەڵگاکانی تێدایە، بەڵکو لە دیدێکی ئیسلامی و عەقیدە و

بیروباوەڕەوە کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنێت و لایەنەکانی لاوازی تێدا دەستنیشان دەکات، کە دەیخوێنیتەوە زیاتر هەست دەکەت باسی هەندێ لە بنەما جێگیرەکانی ئیسلام دەکات لە عەقیدەدا و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە موسوڵمان دەبێت لە هەموو شتێکدا بۆ بنەما و حوکمەکانی ئیسلام بگەڕێتەوە و پابەندی شەریعەت بێت.

## موسوڵمانانی جیهان و پشتگیری کردنیان بۆ سید قطب

💥 شایانی باسە کە ئیمزا کۆکردنەوە و داواکارییەکی بەرفراوان لە سەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبی و وڵاتانی جیهانەوە - تەنانەت لەم کوردستانەی خۆیشمانەوە - درووست بوو بۆ ئەوەی جمال عبدالناصر لە سید قطب خۆش بێت و لەسێدارەی نەدا، هەر بۆیە ئەویش بۆ ئەوەی ناچاری ملدان نەبێت بۆ ئەو فشارانە زۆر پەلی کرد لە جێبەجێکردنی حوکمەکە بۆ ئەوەی لەلایەن سەرۆک و کەسایەتییە گەورەکانی جیهانەوە تەکلیفی لێخۆشبوونی لە سەیید لێ نەکرێت. بەتایبەتی کە ئەو ڕازی نەبوو داوای لێبوردن بکات و سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی، تەنانەت پێش لە سێدارەدانی بە ماوەیەکەی کەم فؤاد علام داوای لێکرد کە ئەگەر داوای لێبوردنیش لە بیروبۆچوونە ئیسلامییەکانی ناکات، با تەنها (استرحام)ێک بنووسێت، واتە

داوای بەزەیی بکات لەبەر باری تەندروستی و سەرکردادیەتی سەرەوە ئامادەن لێی خۆش بن، بەڵام ئەو وتی ئەو پەنجەی کە شایەتمانم پێ هێناوە وشەیەکی پێ نانووسم بۆ ستەمکارێکی وەکو عبدالناصر دڵی پێی خۆش بێت. هەروەها وتی: "لماذا أسترحم؟ إن كنت محكوما بحق فأنا أرتضي حكم الحق وإن كنت محكوما بباطل فأنا أكبر من أن أسترحم الباطل".

## ئایا سید قطب ئیخوان بووە ؟

سەبارەت بەوەش ئایا سید قطب ئیخوان بووە یان لە کۆمەڵەی ئیخوان دەرچووە، بێگومان ئەو بە هۆی دوو مەسەلەوە کە خاڵی جەوهەری جیاکەرەوەی سید بووە لە ئیخوان، دەتوانین بڵێین کە هیچ پەیوەندییەکی فەرمی بە ڕێکخستنەکانیانەوە نەما، چونکە ڕێکحستنێکی نوێی جیاواز و دژواری لەگەڵ ئیخواندا درووست کرد و لەسەری گیرا و لەسێدارەش درا. بەڵام شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە ئیخوان لە دوای ئەوەی لە ساڵی 1954 ەوە تووشیان بوو تا ئەو کاتەش سید قطب ئیعدام کرا لە 1966 کۆمەڵێکی قەدەغەکراو بوون و سەرانیان لە زینداندا بوون و ئەوانەش کە لە دەرەوە بوون لە ئەوپەڕی نهێنیدا کاریان دەکرد، بۆیە بوار نەبوو بە ڕوونی و بەزەقی ئەو تێگەیشتن و بیروبۆچوونانەی سید و ڕێکخستنەکەی دەربکەوێت.

## گوتاری سید لە گوتاری ئیخوان جیاواز بوو

🤝 تەنانەت سید خۆی دەگێڕێتەوە کە لەو ساڵەی ئازاد کرا لە ماڵی خۆیان چاوی بە خوێندکارێکی عێراقی کەوت لە قاهیرە خوێندنی تەواو کردبوو و دەگەڕایەوە بۆ عێراق پێی خۆش بووە پێش ڕۆیشتنەوەی چاوی بە سەیید بکەوێت. ئەو خوێندکارە کە ئیخوان بووە و پێشتر چاوی بە نوێنەری ئیخوان لە میسر فرید عبدالخالق کەوتبوو، سەرسوڕمانی خۆی لەلای سەیید نیشان دابوو کە بۆچی گوتار و شێوازی قسەکردنی سەیید و فەرید جیاوازن و بەو گۆڕانکارییە گەورەی نەزانیبوو کە لە فیکری سەیددا درووست بوو. واتە هەر وا تیگەیشتبوو سید قطبیش وەکو هەر سەرکردەیەکی تری ئیخوان بیر دەکاتەوە.

## پەیوەندی سید وسەرانی ئیخوان

❓ هەروەها لە پاش خوێندنەوەی زۆرێک لە وتەکانی سید قطب و ئەوەش کە دەربارەی نووسراوە، ئەوەم بۆ دەرنەکەوت کە ئەو لەگەڵ سەرانی ئیخواندا ڕووبەڕوو بووەتەوە، یان لەسەر بیروڕاکانی ناکۆکی کەوتبێتە

نێوانیانەوە. تەنانەت حسن الهضيبي کە مورشید و شەخسی یەکەمی ئیخوان بووە، لەسەر چاپکردنی کتێبی (معالم في الطريق) ڕازی بووە و ڕەخنەی لە فیکری سەیید بە ئاشکرا نەگرتووە، ئیتر ئایا هۆکاری ئەوە هەستیاری بارودۆخ و کاتەکە بووە کە ئەوان لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و پڕ لە مەترسیدا بوونە و ئەو کاتەش کە لە دەرەوەی زیندان بوونە هەمیشە کەسێک بەبەردەوامی چاودێری و جاسوسی بەسەرەوە کردوون، یان هۆکاری تری هەیە. تەنانەت ئیخوانەکانی میسر و ئوردن و وڵاتانی تر گلەیی ئەوەیان بووە کە ئەوان خۆیان بە شوێنکەوتووی ئیخوانی میسر دەزانن بەڵام ئەوان هیچ ڕێنمایی و ئاراستەیەکی ئەو بەشانەی سەر بەخۆیان ناکەن لەو وڵاتانە و پەیوەندییان لەگەڵیاندا نییە.

## پەرەسەندنی فیکری سید لەپاش لەسێدارەدانی

☑ بەڵام بڵاوبوونەوەی فیکری سەیید، هەروەها جیاوازی لێکدانەوەش بۆ وتەکانی لەبارەی حاکمییەت و پرسەکانی تری عەقیدە بە گشتی لە دوای لە سێدارەدانی پەرەی سەند و چووە قۆناغێکی ترەوە و ڕەهەندی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە. پەروەردگار خۆی عەلیمترە بەڵام لەوانەیە ئەگەر عبدالناصر بەو شێوە سوور نەبوایە لەسەر کوشتنی سید قطب و لێی خۆش بوایە، ئێستا

سەيید نووسەرێک دەبوو وەکو هەزاران نووسەری تر کە دوای ماوەیەک ناویان کاڵ دەبێتەوە و نە خۆی وەکو کەسایەتییەکی میحوەری و نە کتێبەکانیشی لە پاش خۆی دەبوون بە قوتابخانەیەک. چونکە بکوژانی سەيید ئەویان وەکو جەستە کوشت و وەکو فیکر هێشتەوە.

## فیکری سید وبنەماڵەکەشی لەگەل فیکری ئیخوان جیاواز بوون

خاڵێکی تر کە جێگای تێڕامانە ئەوەیە جیاوازی فیکری سەيید لەگەڵ ئیخوان و جیابوونەوەی لێیان لە خۆیدا نەوەستا و هەموو بنەماڵە بەهرەمەنەکەیانی گرتەوە و هەموویشیان لەسەر هەمان بنەمای عەقیدە و بیروباوەڕ لەگەڵ ئیخواندا جیا بوونەوە، وەکو محمد قطب کە لە ڕێگەی نووسین و کتێبەکانی ئەو ڕاستییە دەردەکەویت کە لە کاتێکی زووەوە پاش ئازاد کردنی میسری بەجی هێشت و لە مەککە ژیا تا لە ساڵی 2014 لەوێ وەفاتی کرد. هەروەها ئەمینەی خوشکی کە بەڕوونی ڕەخنەکانی لە ئیخوان لە شێوازی سۆزێکی خوشکایەتی خۆی بۆ سەييدی برای دەردەخات لە قەسیدەیەکی درێژدا لاسایي قەسیدە بەناو بانگەکەی سەييدی برای دەکاتەوە: (أخي أنت حر وراء السدود) و دەڵێت براکەم ئیخوان لە دوای تۆ و دوای ئەو ئەشکەنجە و ناخۆشییانەی لە زیندان تووشیان بوو، ئێستا

سەریان بۆ بکوژەکانیان شۆڕ کردووە و پردیان لە نێوان خۆیان و ئەواندا درووست کردووە و ئەوە بەکارێکی باش دەزانن و بەوەش کەشتییەکەیان لەناو دەریادا لار بووەتەوە و خەریکە نوقم دەبێت.

## زیادبوونی چاپەکانی ظلال دوای لەسێدارەدانی سید قطب

لەو چەند مانگەی کە لە ساڵی 1966 دا مابوو کە سەییدی تێدا لە سیدارە درا، تەفسیر (في ظلال القرآن) چاپێکی زۆری لێ کرا و دواتریش هەر بەو شێوە بەردەوام چاپ دەکرا، چونکە خەڵکی لە هەموو لایەک دەیانویست بزانن ئەوە چۆن تەفسیرێکە کە خاوەنەکەی لەسەرەی لە سێدارە دراوە. هەروەها لە دیاردەکانی گرنگیدان بەو تەفسیرە ئەوە بوو بۆ زۆر لە زمانەکانی دونیا وەرگێڕدرا، وەکو زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئۆردی و تورکی و ئەندەنووسی و فارسی و بەنگالی.

## خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ابن تیمیة وسید قطب

پێم وایە خالی هاوبەش لە نێوان ابن تیمیة و سید قطب دا هەیە؛ لەوانە هەردووکیان ژیانیان بۆ کۆشش کردن لە پێناو عەقیدە و بیروباوەڕدا بەسەر برد و لەسەریسی کوژران، هەردوکیان نەیار و ناحەزیان زۆرە و ئەو نەیار و

ناحەزانەش کتێبەکانی ئەوانیان نەخوێندوەتەوە بەڵکو داوایان لێکراوە دژایەتییان بکەن و بە زۆر هەڵەیان لێ بدۆزنەوە و تاوانباریان بکەن. خاڵێکی تری هاوبەشیش ئەوەیە هەردووکیان کتێبەکانیان لە دوای مردنیان بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان بڵاوبوویەوە و لایەنگر و قوتابی زۆریان بۆ پیدابوو. خاڵێکی تر ئەوەیە تەفسیری هەڵە و جیاواز لە مەبەست و بەرنامەیان بۆ هەندێ لە نووسینەکانیان کراوە و بەو شێوەش مەغدور بوون و بەزۆر هەندێ چەمک و ئاراستە لەسەرەیان حیساب کۆنترۆڵ کرا. هەردوو ئەم کەسایەتیە بەناوبانگەش هاوسەرگیرییان نەکرد چونکە زۆرێکیان لە تەمەنیان لە زیندان بەسەر برد و هەر لەوێیش کۆتایی بە ژیانیان هات.

## بۆچی سید قطب هاوسەرگیری نەکرد ؟

💍 لە کۆتاییشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین وەکو چۆن الطبري و النووي و ابن تيمية و زۆر لە زانایانی تر هەلی هاوسەرگیرییان بۆ نەڕەخسا، بەهەمان شێوە سید قطبیش نەیتوانی و هەلی بۆ نەڕەخسا هاوسەرگیری و زەواج بکات. پێش ئەوەی گەشت بۆ ئەمریقا بکات بەنیازی خوازبێنی کچێک بوو بەڵام تا گەڕایەوە شووی کردبوو، دواتر کچێکی مارە بڕی و دوای ماوەیەک لەبەر هەندێ هۆکار لێی سارد بوویەوە و جیابوونەوە و بوو بە مایەی خەم و ئازار

بۆی و لە دیوانەکەیدا قەسیدەی (الكأس المسموم) و (رواية الأشواك)ی لەسەر ئەو کچە نووسیوە. دواتر داوای کچێکی کرد و پێش ئەوەی رێک بکەوێت گیرا و بە پانزە ساڵ زیندانی حوکم درا، کە لە ساڵی 1965 یش ئازاد کرا، تەمەنی گەیشتبووە پێنجا و نۆ ساڵ و لەو کاتەش هەر ویستی هاوسەرگیری بکات بەڵام ساڵێکی پێنەچوو بۆ کۆتا جاری دەستگیر کرا و حوکمی لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێ کرا.

## لایەنی ئەدەبی زاڵە بەسەر دەربڕینەکانی سید قطب

من لێرەدا زیاتر وەکو چاودێر و نووسەرێک کە مەبەستێتی ڕاستییەکان وەکو خۆی باس بکات مامەڵەم کردووە، واتە هەوڵم داوە بێ لایەن بم و نووسینەکەم بریتییە لە بەدواداچوون و خوێندنەوەیەکی زۆر لەسەر ئەم ناودارە، جگە لەوەی خۆم پێشتر زانیاری و پاشخانێکی باشم لەسەری هەبووە. مەبەستم ئەوە بوو لە ڕووە مێژووییەکەی باسی ئەم پرسە بکەم زیاتر نەک ڕەهەندەکانی بیروبۆچوونی سەید لە دوای خۆی باس بکەم چونکە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، هەر بۆیە زۆر تیشکم نەخستووەتە سەر بۆچوون و تێگەیشتن و خۆم لەسەر ئەو کەسایەتییە ئەوەندەی کە ڕووداوەکانم گواستووەتەوە. دواجاریش ئەو مرۆڤ بووە و لە هەڵە و نەپێکان

بەدەر و بەری نەبووە، هەڵەکانیشی هەندێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو لە بنچینەدا ئەدیب و شاعیر بووە دواتر لە بواری زانستە شەرعییەکاندا وەکو عەقیدە و شەریعە و تەفسیر ڕۆچووە و قووڵ بووەتەوە.

## ئەو ڕەخنانەی لەسید دەگیرێت ڕەخنەی سەردەمی سەرەتایەتی

زۆریش گرنگە ئەوە بزانرێت کە هەندێ لە کتێبەکانی سەیید بەڕەحمەت بێت وەکو کتێبی (کتب وشخصيات) و (العدالة الاجتماعية في الاسلام) کە نەیارەکانی باسی دەکەن و قسەکانی لەو کتێبانەی دەدەن بە چاویدا، چونکە تێیاندا ڕەخنەی لە چەند هاوەڵێک گرتووە وەکو معاوية و عمرو بن العاص رضي الله عنهما، ئەوە نووسین و قسەی ئەو کاتەیە کە بە ئیسلامەوە وابەستە نەبووە و هێشتا کاریگەری عباس محمود العقاد و طە حسێنی بەسەرەوە مابوو، دواتر لە کۆتا چاپی ئەو کتێبانەشدا هەموو ئەو قسانەی سڕیوەتەوە و لێیان پاشگەز بوویەوە. ئەو کەسانەش کە ڕەخنە لە سەیید دەگرن ئەو حەقیقەتە دەزانن بەڵام خۆیانی لێ بێ ئاگا دەکەن چونکە بە هەر نرخێک بووە مەبەستیانە سەیید ناشیرین بکەن و خەڵکی لە کتێبەکانی دوور بخەنەوە، تەنانەت لە کتێبی (معالم في الطريق)دا یەک بەشی تایبەتی لەسەر هاوەڵان نووسیوە بەناونیشانی: (جيل قرآني فريد).

# قۆناغەکانی ژیانی سید قطب

بۆ هەرکەسێکیش کە وردبێتەوە، ئاشکرایە کە سید قطب لە ژیانیدا بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە؛ قۆناغی یەکەم: قۆناغی پێش ئیلتیزام و دەستگرتن بە ئیسلام و شارەزابوون لە عەقیدە و بیروباوەڕە کە چەندین لە کتێبەکانی لەو سەردەمەدا نووسیوە بە تایبەتی ئەوانەی نەیارەکانی قسەی لەسەر دەکەن. قۆناغی دووەم: سەرەتای درووست بوونی ئاراستەی ئیسلامی بوو لەلای سید قطب و هێشتا کاریگەری عباس العقاد و طه حسینی بەسەرەوە مابوو چونکە ئەو وەکو شاعیر و ڕەخنەگرێک بەوان کاریگەر بوو، ئەگەرچی لەم قۆناغەدا لە قۆناغی پێشووتر باش تر بوو بەڵام هێشتا مەسەلەی عەقیدە و حاکمیەتی اللە تعالی نەبووە کێشەیەک لەلای هەموو ژیانی بۆ تەرخان بکات. قۆناغی سێیەم: قۆناغی خۆ یەکلاکردنەوەیەتی بۆ خزمەتی ئیسلام و قوڵبوونەوەیەتی لە عەقیدە و لە مێژووی هاوەڵان و لە تەفسیر و لە زانستە شەرعییەکاندا، کە ئەو هەڵانەی پێشتر کردبووی لایدا و چاکی کرد و ستایشی زۆری هاوەڵانی کرد لە کتێبەکانی (معالم) و (هذا الدين)

و (في ظلال القرآن)دا، هەروەها ئەو ڕەخنانەش کە پێشتر شێخ محمود شاكر لێی گرتبوو ئەوانەشی چاک کرد.

## ڕەخنەکانی شێخ ڕەبیع لە سید قطب

📖 بۆیە کاتێک شێخ ربيع بن هادي المدخلي و قوتابییەکانی هەڵسان بە بێژان و کۆکردنەوەی هەرچی هەڵەی سید قطب هەیە لە کتێبەکانی و لە کتێبێکدا کۆیانکردەوە، پێش چاپکردنی بۆ شێخ (بكر بن عبدالله أبو زيد)ی ئەندامی دەستەی گەورە زانایانی سعودیەیان نارد بۆ ئەوەی پێشەکی بۆ بنووسێت و کتێبەکە بایکۆت و ئیعتیباری زیاتر وەرگرێت، بەڵام ئەو لە دوای بەدواداچوونێکی زۆر وەکو خۆی دەڵێت و خوێندنەوەی هەموو کتێبەکانی سید قطب، نەک هەر ڕازی نەبوو دەستخۆشی و پێشەکی بۆ ئەو کتێبە بنووسێت، بەڵکو داوای لە شێخ ربيع المدخلي و تەلەبەکانی کرد تەوبە بکەن لە ناشیرینکردنی کەسێک کە لە پێناو عەقیدەی تەوحید و حاکمییەتی پەروردگاردا گیانی خۆی فیدا کردووە و خۆی بە قوربانی دینەکەی کردووە. ئەوەشی بۆیان ڕوون کردەوە کە هەندێ لەو ڕەخنانەی باسیان کردووە قسەی سەردەمی پێش ئیلتیزام و دەستگرتنێتی بە ئیسلامەوە و لەسەر ئەو حیساب نییە، هەندێکیشی تەنها کێشەی لە تەعبیر و دەربڕیندا بووە بەو

پییەی ئەو شاعیر و ئەدیب بووە و زاراوە و تەعبیری ئەدەبی زاڵ بووە بەسەریدا.

## چ کۆمەڵێك دەربڕین لە فیکری سید دەکات؟

🏫 ئینجا لەبەر ئەوەی خۆیشی لە ژیاندا نەماوە تا بڕیاربدا چ کەسانێک نزیکترن لە بانگەوازەکەی یان زیاتر بەرجەستەی فیکری ئەویان کردووە، بۆیە جەختکردنەوەکانی لەسەر بایەخی حاکمییەت و گرنگیدانی بە جێبەجێکردنی شەریعەت و پەروەردە کردنی موسوڵمانان لەسەر بنەمای تەوحید و بیروباوەڕ هەروا لە ئاستێکی بەرزدا دەمێننەوە کە شایستەی ئەوەن موسوڵمانان سوودی لێ وەربگرن و وەکو قوتابخانەیەک بانگەوازی لێوە فێر ببن، بێ ئەوەی هیچ جەماعەت و حیزب و دەستەیەک هەر ئاراستەیەکیان هەبێت بتوانن مافی خاوەندارێتی سەیید و فیکرەکانی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، چونکە سەیید کاتێک لەسێدارەدرا پەیوەندی وەکو ڕێکخستن بە کەمتر لە سەد کەسەوە بوو و هەموویشیان گیران و زۆربەیان کوژران، سەبارەت بە بەرگری کردنیشیان لە خۆیان و لە بزوتنەوەی ئیسلامی لەو سەردەمەدا هەر

له چوارچێوەیەکی نەزەریدا مایەوە و بە چاوی خۆی هیچ بەروبوومێکی ئەو بانگەواز و قەناعەتانەی خۆی نەبینی.

إحسان برهان الدين

18 رجب 1443/ 19-2-2022

**والحمد لله أولا وآخرا**